# ڕووماڵی ڕاگەیاندنی کوردیی
# بۆ ململانێی نێوان
# پارتی و پەکەکە

## پێکدادانی چەمانکێ بە نموونە

توێژینەوە

بەڵێن عزەت میکە

٢٠٢٠

# رووماڵی ڕاگەیاندنی کوردیی
# بۆ ململانێی نێوان پارتی و یەکەکە


توێژینەوە: بەڵێن عزەت میکە

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠

تیراژ:٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (١٨)

# ڕووماڵی ڕاگەیاندنی کوردیی
# بۆ ململانێی نێوان
# پارتی و پەکەکە

## پێکدادانی چەمانکێ بە نموونە

تویژینەوە

بەڵێن عزەت میکە

٢٠٢٠

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســتە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشــتمانییە گرنگەکانــە. هەروەهــا چاپ و بڵاوکردنــەوەی توێژینەوەکان و ســازکردنی کۆڕ و ســمینار و کردنەوەی خولی زانســتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینســتتیوتی نارین ســاڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە

# پێڕست

پێشەکیی ........................................................................٩

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم:** ناساندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان..............................................١٣

**تەوەری دووەم:** مێژووی ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە.........................................................٢١

**بەشی دووەم:**

**تەوەری یەکەم:** رۆڵی راگەیاندن لە ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە.........................................................٢٧

**تەوەری دووەم:** رووماڵی سێ راگەیاندنی کوردیی بۆ گرژییەکانی چەمانکێ.................................................٣٣

**سەرچاوەکان.................................................٨٥**

ئێمە کە فێری شەڕە گەڕەکین
کە بووین بە ئەحزاب ئیتر چۆن یەکین

(پیرەمێرد)

## پێشەکی

لە قووڵایی مێژووی کورددا، شەڕی نێوان کورد و کورد، یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی شەڕ کە کورد پێی هەستاوە، چەندین نموونەی لە مێژوودا هەیە، دیارترینیان شەڕی چاڵدێرانە، کە دوو زلهێز، بۆ دوو ئامانجی جیای تایبەت بە خۆیان، کورد و کورد دەخەنە دوو سەنگەری دژ بەیەک و لەیەکدی دەکوژن. ئەمە دەیان جار دووبارە بووەتەوە، لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان و دواتریش لە سەردەمی شۆڕشەکانی رزگاریی نەتەوەییدا بەردەوام شەڕی کورد و کورد لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئامادەیی هەبووە و جۆرێک بووە لە شەڕەکان.

هەرچی لە باشووری کوردستانە، لە سەردەمی شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نوێدا، شەڕی کورد و کورد، کە بە شەڕی براکوژیی ناسراوە، چەندین جار دووبارە بووەتەوە. دواتریش کە راپەڕینی باشووری کوردستان بەئەنجام گەیشت، یەکەم شەڕی ئەو حکومەتەی دامەزرا، بریتیبوو لە شەڕکردن دژی لایەنێکی کوردی باکووری کوردستان کە پارتی

کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» بوو. دواتریش شەڕی ناوخۆی لایەنە کوردییەکانی باشوور بە چەندین قۆناغ و لە چەندین ئاستدا درێژەی پێ درا، بەشێوەیەک تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە.

کەم قسەکردنی زانستیی لەسەر ئەو جۆرە لە شەڕ و خۆپاراستن لە باسکردن و هێنانە بەر باسی و نەبوونی بە بابەتی توێژینەوە و چالاکیی ئەکادیمی، یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی دووبارەبوونەوە و بەردەوامیی ئەو شەڕە، یان لانی کەم هۆکارێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی لە مەترسیی ئەو جۆرە لە شەڕ تێنەگات.

رۆڵی راگەیاندنەکان لەو شەڕەدا، رۆڵێکی گەورەیە، چونکە هەموو شەڕێک پێش روودانی دەبێت زەمینەسازیی بۆ بکرێت، دەنا تەنانەت سەرباز و چەکبەدەستەکانی ئەو لایەنانەش لە رووی دەروونییەوە ئامادە نابن بۆ شەڕکردن، بۆیە لە زۆرێک لە شەڕەکانی نێوان دوو لایەنی کوردیدا، راگەیاندنەکان رۆڵی بەرچاویان بینیوە و رەوایەتییان بە شەڕەکان داوە و ئاگری شەڕیان گەرم کردووە، کە بەداخەوە ئەوە رۆڵێکی نەرێنییە و کاریگەریی خراپی لەسەر کۆی رەوشەکە داناوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی و بە داتا، هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی رووماڵی راگەیاندنەکان بکات لە ململانێی نێوان دوو لایەنی کوردیدا کە لە ئێستادا ململانێکەیان گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار؛ پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، لە مێژوودا بە چەندین قۆناغی جیاوازی پەیوەندیدا تێپەڕیون، ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵە، ململانێکەیان بەردەوامیی هەیە و لەو ماوەیەشدا چەندین جار ململانێیان گەیشتووەتە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان و تەقەیان لەیەکدی کردووە و لەیەکدییان کوشتووە، راگەیاندنەکانیش بەشێک بوون لەو ململانێیە و هەریەکە و بە ئاستێکی جیاواز رۆڵی بینیوە. بەگشتی، ئەم توێژینەوەیە، بەدوای ئاست و هەڵسەنگاندنی ئەو رۆڵەوەیە کە راگەیاندنەکان بینیویانە.

راگەیاندنەکان چۆن رووماڵی ململانێ و بەتایبەتی پێکدادانە سەربازییەکانیان کردووە؟ کام میدیایانە رووماڵەکەیان گونجاوتر بووە، حزبییەکان یان بێلایەنەکان؟ هەڵەی راگەیاندنەکان کامانەن؟ توێژینەوەکە بەدوای

وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت، ڕەچاوی ئەو ڕاستییەشی کردووە کە لە کوردستاندا زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکان لەلایەن حزب و لایەن و کەسە سیاسییەکانەوە ئاراستە دەکرێن، بەڵام هەندێک میدیا لە هەندێک مـژاردا بێلایەن دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی ململانێ و ڕووداوەکە پەیوەندی و کاریگەری لەسەر ئەو لایەنە نییە کە پشتیوانیی ڕاگەیاندنەکە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ڕاگەیاندن هەن سەرەڕای ئەوەی لەلایەن حزب و کەسە سیاسییەکانەوە پشتیوانیی دەکرێن، بـەڵام هـەر پابەندن بە ئیتیک و ئەخلاقیاتی ڕۆژنـامـەوانـی و ڕێگە نـادەن ببنە بەشێک لە شەڕێک کە ئاشکرایە براوەی تێدا نییە.

توێژینەوەکە بە دوو میتۆدی تەریب کاری لەسەر بابەتی هەڵبژێردراو کردووە، ئەوانیش بــەراوردکــاری و شیـکـاریی نــاوەڕۆکــن، لە ململانێکانی نێوان پارتی و پەکەکەدا، پێکدادانی چەمانکێ لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ وەکو نموونە وەرگـیـراوە، هـەروەهـا ڕوومـاڵـی سێ ماڵپەڕ وەکـو نموونەی ڕوومـاڵـی ڕاگەیاندنی کوردیی وەرگیراوە، کە ئەوانیش بەشی سۆرانیی: (کوردستان٢٤ و ڕۆژنیوز و مەودا میدیا)ن.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم
## ناساندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان

### یەکەم/ پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ سەرەتا بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد دامەزراوە، خودی ئەرشیف و ئەدەبیاتی حزبەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە پارتی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە

کوردستانی باشوور دامەزراوە، بەڵام چەندین سەرچاوەی تر هەن کە باس لەوە دەکەن مێژووی دامەزراندنی پارتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک پێشتر، بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژە بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن لەسەر دەستی قازی محەمەد، هەروەها هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن کە ئەو حزبە لە چوارچێوەی گرووپێکی بچووکدا لە پێش ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٤٦ تەنها ژیانەوە و راگەیاندنی بۆ کراوە نەک دامەزراندن[١]، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت، پارتی لە دوای ساڵی ١٩٤٦وە دەستی بە خەباتی ئاشکرا کردووە و وەکو حزبێک رێکخستن و ئەندام و سەرکردایەتی و سەرۆک و جەماوەری هەبووە.

دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کەسانی رۆشنبیر و بیر کراوەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردستان بوون، لەوانە: (ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا،

---

١ محەمەد فاتح – حزب و رێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان – لا١٠٦

نوری شاوێس و چەندانی تر). لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لە کەسایەتییە خێڵەکی و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارییان لە دامەزراندنی پارتیدا کـردووە و ئـەوەش لـە دەرئەنجامدا بـووە بەهۆی ئـەوەی دوو ئاراستەی جیاواز لەناو حزبەکەدا سەرهەڵبدەن، ئاراستەیەک کە لە رۆشنبیرەکان پێکهاتبوو و مەیلیان بە لای مارکسیەتدا هەبووە، ئاراستەیەک کە لە کەسە خاوەن پێگە خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە و مەیلیان بە لای پابەندبوون بە کولتوور و نەریتی کوردی و ئیسلامیدا هەبووە.

پـارتـی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان؛ لـە دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٧٩، لەلایەن مستەفا بارزانییەوە سەرۆکایەتی کراوە و دوای ئەویش تا ئێستا لەلایەن مەسعود مستەفا بارزانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەو کاتەی سەرۆکی یەکەمی کۆچی دوایی دەکات، پارتی خاوەنی ئاراستەیەکی کۆنەپارێزی بۆرجوازی و پابەند بە کولتوور و ئیسلامی هەبووە، ئەمەش لەژێر کاریگەریی مستەفا بارزانیدا بووە، بەڵام

دوای کۆچی دوایی ناوبراو، بۆ ماوەیەکی کەم ئەو ئاراستەیە گۆڕاوە و هزری مارکسی بەسەر حزبەکەدا زاڵ بووە و پاشان دووبارە رووی لە کاڵبوونەوە کردووە[٢].

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ سەرەتا دروشمی «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»ی بەرزکردبوویەوە، بەڵام ئێستا ئەو دروشمە گۆڕاوە بۆ سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەت. لەژێر رۆشنایی ئەو دروشمەشدا، ساڵی ٢٠١٧ پارتی و سەرۆکەکەی بوون بە یەکەم بانگەشەکاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان – عیراق، کە تیایدا زۆرینەی هاوڵاتیان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، بەڵام دوای چەند رۆژێک ئەنجامەکەی سڕ کرا و کاری پێ نەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ لە تەمەنی خۆیدا بێجگە لە شەڕکردن دژی داگیرکەرانی کوردستان، چەندین جار دژی حزبە سیاسی و هێزە چەکدارەکانی تری کوردستان شەڕی کردووە، لەوانە: (باڵی مەکتەب سیاسیی

٢ مەسعود عەبدولخالق – ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان – لا ١٠٤

پارتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان و چەند حزب و لایەنێکی تر).

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ بانگەشەی نەتەوەییبوون دەکات و لە هەر چوار پارچەی کوردستان کار دەکات بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بسەپێنێت، لەبەر ئەم هۆکارەش زۆرترین بەرکەوتنی لەگەڵ حزبەکانی پارچەکانی تر هەیە، بۆ نموونە؛ ناکۆکیی قووڵی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان –باکوور– و پارتی یەکێتی دیموکراتی –رۆژئاوا– و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان –رۆژهەڵات– هەیە کە سەرجەمیان ئاراستەی سیاسییان لەسەر هزری عەبدوڵڵا ئۆجەلانە و ئەوانیش بەهەمان شێوە ئامانجیان چوار پارچەی کوردستانە.

## دووەم/ پارتی کرێکارانی کوردستان

پارتی کرێکارانی کوردستان؛ لەساڵی ١٩٧٨ لە باکووری کوردستان و لە شاری ئامەد دامەزراوە، خاوەنی هزرێکی چەپی مارکسی توندی شۆڕشگێرانەیە، کاریگەر بوون بە شۆڕشی ڤێتنام و پەیوەندی باشیان لەگەڵ بزووتنەوە چەکدارە فەلەستینییەکانی ئەوکاتدا هەبووە. لە دیارترین دامەزرێنەرانی پەکەکە بریتین لە: (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، جەمیل بایک، موراد قەرەیلان، عوسمان ئۆجەلان و چەند کەسێکی تر)[٣].

پەکەکە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، دەستی بە ئامادەکاری و راهێنان کرد بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداریی دژی حکومەتی تورکیا، ١٥ی ئابی ١٩٨٣ یەکەم شەڕی پارتیزانیی پەکەکە ئەنجام درا و لەو بەروارەوە تا ئێستا، بە چەندین قۆناغی جیاواز شەڕی دژی تورکیا کردووە و بەردەوامیی هەیە.

---

٣ مەسعود عەبدولخالق – ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان – ل٢١٩

لەدوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان، وا چاوەڕوان دەکرا پەکەکە پێ بنێتە قۆناغێکی نوێی خەبات و پشتیوانیی هەرێمی کوردستان بقۆزێتەوە دژی تورکیا، بەڵام ئەوە پێچەوانە بوویەوە، هەرچەندە لە باشووری کوردستان لە ئاستی جەماوەر و کادیری حزبیدا هاوسۆزییەکی لەڕادەبەدەر بۆ پەکەکە و شۆڕشی باکوور هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٣ بە بڕیارێکی فەرمی، لە پەرلەمانی کوردستانەوە شەڕی دژی پەکەکە دەستی پێ کرد کە ئەمەش وا لێکدرایەوە لەسەر خواستی تورکیا بووبێت وەکو مەرجی دانەنان بە هەرێمی کوردستاندا کە تازە حکومەتی دامەزراندبوو.

پەکەکە، دوای دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەی لە ساڵی ١٩٩٩، پێی نایە قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی و چەکداریی، زۆرێک پێیان وابوو کە بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، پەکەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەوە ڕوونەدا و پەکەکە لە خەباتی خۆی تا ئێستاش بەردەوامە.

ئاراستەی هزریی پەکەکە، گۆڕانکاریی بەسەردا هات. بیرۆکەی نەتەوەی دیموکرات

کە لە بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە هەڵهێنجراوە، بووەتە بنەمای سەرەکیی کارکردنیان و لەسەر ئەو بنەمایەش لە رۆژئاوای کوردستان سیستمیان بنیادناوە.

ئێستا، پارتی کرێکارانی کوردستان یەکێکە لە پارتە هەرە دیارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانە و شۆڕشی دژی حکومەتی تورکیا بەردەوامیی هەیە و لە باکوور، باشوور، رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە ئاست و ئاراستەی جیاواز کار دەکات و درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

پەکەکە، لەلایەن چەندین وڵاتی رۆژئاواییەوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی لۆبیی تورکییە لەسەر ئەو وڵاتانە.

ئێستا، جەمیل بایک، کە هاوسەرۆکی کەجەکەیە، وەکو کەسی یەکەمی پەکەکە مامەڵە دەکات.

## تەوەری دووەم
## مێژووی ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە

هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوو پارچەی جیاوازی کوردستان و بۆ دوو مەبەستی جیاواز و بە دوو ئامانجی جیاواز دامەزراون، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام و لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە چەند قۆناغێک کەوتوونەتە ململانێ و بارگرژییەوە و چەندین جاریش چەکیان دژی یەکدی بەکارهێناوە.

سەرەتای ناکۆکی ئەم دوو حزبە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییان لەو چارەسەرەی کە بۆ کێشەی کورد دایاننناوە، سەرەتا پەکەکە داوای دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانی دەکرد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڵام پارتی داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکرد بۆ باشووری کوردستان لە چوارچێوەی عیراقدا، بەڵام دواتر هەردوو داواکارییەکە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. پەکەکە، لەبری دەوڵەتی سەربەخۆ، داوکارییەکەی گۆڕی بۆ نەتەوەی دیموکرات و سیستمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک. پارتیش، ئۆتۆنۆمیەکەی گۆڕی بۆ سەربەخۆیی. کەواتە لە هەردوو قۆناغەکەدا داوارییەکانی ئەو دوو حزبە پێچەوانەی یەکدیی بوون لە رووی ئامانج و بەرنامەی کارکردنەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠، رێککەوتنێک لەنێوان پارتی و پەکەکەدا کراوە بۆ ئەوەی پەکەکە هەندێک لەو خاکەی باشووری کوردستان بەکاربهێنن کە لەژێر هەژموونی پارتیدایە، بۆ مانەوە و دروستکردنی هەندێک بارەگا، بەڵام لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشە چەکدارییەکەیەوە، لە

ساڵی ١٩٨٣، لە کاردانەوەی ئەوەدا ڕێککەوتنی نێوان عیراق و تورکیا واژۆ کرا و بەپێی ڕێککەوتنەکە، هەر وڵاتێکیان دەتوانێت ٢٠ کیلۆمەتر بچێتە ناو خاکی ئەوی دیی، ئیتر ئەو پەیوەندییەی نێوان پارتی و پەکەکە کێشەی تێکەوت و وردە وردە کاڵبوویەوە.

گەورەترین ئاڵۆزیی لەنێوان پارتی و پەکەکەدا، لەدوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان بوو، ئەوەبوو لە پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری شەڕی دژی پەکەکە درا و هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتیی دژی پەکەکە دەستیان بە شەڕ کرد. دواتریش لە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتیدا، پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٥ هاتە ناو شەڕەکە و پشتیوانیی یەکێتی کرد دژی پارتی. دواتریش کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا کە نێوانی پارتی و پەکەکەی بە ئاستێک گەیاند، ئاساییبوونەوەی ئەو پەیوەندییە ببێتە کارێکی نەکردە، بۆ نموونە؛ ساڵی ١٩٩٩ دەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردەیەکی پەکەکەی بە ناوی شمدین سکاک، کە کەسێکی نزیک لە ئۆجەلان

بوو، دەستگیر کرد. دوای دەستگیرکردنەکەی، لە کاتی گواستنەوەی لە دهۆکەوە بۆ هەولێر، لـەلایـەن هێزێکی دەزگـای میتی تورکییەوە رفێنرا. پەکەکە بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کە ئەوە سیناریۆ بووە و پارتی ئەو سەرکردەیەی ئەوانی رادەستی میت کردووە. پارتیش رەتی دەکــردەوە و بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد، کە ئـەوان بێئاگا بـوون لە ئۆپەراسیۆنەکەی میت و لە دەستی ئەوان رفێنراوە نەک رادەستیان کردبێت[٤].

هەندێک سـەرچـاوە، ئـامـاژە بـەوە دەکـەن یەکێک لە هۆکارەکان کە بەو شێوەیە توانرا ئۆجەلان تەوق بدرێت تا دەستگیرکردنەکەی، ئەوەبوو کە ئەو سەرکردە دەستگیرکراوە لەژێر ئەشکەنجەدا زانیاریی ورد و هەستیاری شوێنی مانەوە و کارەکانی ئۆجەلانی بۆ میت ئاشکرا کردبوو.

دواتریش چەندین خولی شەڕی دژ بەیەک لەنێوان پارتی و پەکەکەدا بەڕێوەچووە، بەڵام

٤ مەسعود عەبدولخالق – ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان – ل٢١٩

ململانێی ئەو دوو حزبە لە باشووری کوردستان لە ساڵانی دوای پرۆسەی ئازادیی عیراقدا، گەیشتە ئاستێکی ترسناکتر؛ پەکەکە پارتی بەوە تۆمەتبار دەکات کە هاوکاریی حکومەتی تورکیا و دەزگا هەواڵگرییەکەی دەکات بۆ لێدان لە پەکەکە، پارتیش پەکەکە بە داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان و دروستکردنی کێشە بۆی، تۆمەتباری دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی، لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا و دوای ئەوەی دۆخی ناوخۆی سوریا تێکچوو، ئاراستەی سیاسەتی پەکەکە لەوێش وەدەرکەوت و دەرفەتی کارکردنی بۆ پارت و رێکخراو و هێزە چەکدارەکانی نزیک لە پارتی نەهێشتەوە، ململانێکەیان قووڵتر بوویەوە. دواتریش کە داعش لە عیراق چەند شوێنێکی باشووری کوردستانی داگیر کرد و پەکەکە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کرد، پاش نەمانی مەترسیی داعش، کێشەی گەورە کەوتە نێوان پارتی و پەکەکە لەسەر ئەو شوێنانەی کە پارتی لێی کشابوویەوە، چونکە پەکەکە و هێزەکانی نزیک لەو، رێگە بە گەڕانەوەی پارتی نادەن بۆ

ئەو شوێنانەی کە لێی کشاوەتەوە، بۆ نموونە؛ شنگال، کە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان ئەو دوو هێزە، تا ئێستا چەندین جار ناکۆکی و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سەر بە پارتی و هێزەکانی سەر بە پەکەکە لە شنگال روویداوە و کێشەیەکەیان بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم
## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان

ڕاگەیاندن لە سەردەمی نوێدا، ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە بەدەستی حکومەت و حزب و ڕەوت و ئاراستە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە، هەندێکیان بە شارەزایانە ئەو ئامرازە بەکاردەهێنن و لە ڕێگەیەوە هەژموونی خۆیان دەسەپێنن بەسەر واقیعدا.

راگەیاندن، وەکو کەناڵێکی پێگەیاندنی سیاسیی تاکەکانی کۆمەڵگە. هەندێک لە شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە راگەیاندن لە گرنگترین و کاریگەرترین کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسیی تاکە، د.عەواتف عەبدولڕەحمان، لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (ئازادیی راگەیاندنی هاوچەرخ و ئاڵەنگارییەکانی جیهانگیریی)، ئاماژە بەوە دەکات کە راگەیاندنەکان جێگەی هەموو کەناڵەکانی تری پەروەردە و پێگەیاندنیان گرتووەتەوە. تەنانەت ئەو پسپۆڕە پێی وایە؛ راگەیاندنەکان جێگەیان بە خێزان و خوێندنگە و زانکۆکان لەق کردووە[٥].

راگەیاندن، لە سەروبەندی شەڕەکاندا، بە دوو ئاستی جیاواز کار دەکات. لە ئاستێکدا رووماڵ دەکات و رووداوەکانی ناو شەڕەکان دەگوازێتەوە بۆ وەرگرانی و لە ئاستێکی تردا کار دەکات بۆ ئەوەی رەوایەتی بە شەڕی ئەو لایەنە بدات کە لای مەبەستە. لەو ئاستەی دووەمدا، میدیا بەتەواوەتی دەبێتە میدیایەکی

---

٥ د.عواطف عبدالرحمن – (حرية الإعلام المعاصر وتحديات العولمة( – بحث المنشور في الموقع الرياض السعودي

ئاراستەکەری لایەندار و هەوڵ دەدات بۆچوون و هەڵویستی وەرگر بەشێوەیەک ئاراستە بکات کە لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە بێت کە مەبەستیەتی، ئەمەش دایدەماڵێت لە ئەرکە راستەقینەکەی راگەیاندن کە بریتییە لە رووماڵکردنی راستیی رووداوەکان و پیشاندانی وێنە راستەقینەکان بە وەرگر، کە ئەمە پێی دەوترێت؛ ئیتیک و ئەخلاقیاتی[٦] کاری رۆژنامەوانی.

بەگوێرەی ئەو بنەما گشتییانەی کە بۆ کاری راگەیاندن دانراون، لە سەروبەندی قەیران و گرژییە سیاسی و سەربازی و داراییەکاندا، راگەیاندن دەبێت رۆڵێکی نموونەیی هەبێت، چونکە لەو کاتانەدا راگەیاندن بایەخی زیاتر دەبێت، وەرگرەکان زیاتر بایەخ بە راگەیاندنەکان دەدەن بە بەراورد بە کاتێکی ئاسایی، هاوکات راگەیاندنەکانیش سەرنجیان چڕ دەکەنەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو و هەوڵ دەدەن زۆرترین زانیاریی لەسەر بابەتی قەیران و ململانێکە بخەنەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی، راگەیاندن لە وەها دۆخێکی سیاسی و

٦ د.سامان فەوزی – بنەماکانی یاسای راگەیاندن – ل٧٦

سەربازیدا، دەبێت سێ رۆڵی سەرەکی خۆی ببینێ[7] کە بریتین لە:

**یەکەم/** روونکردنەوەی پەرەسەندنەکانی ململانێکە و خستنەڕووی سەرجەم لایەنەکانی کێشەکە.

**دووەم/** دروستکردنی رای گشتی لەسەر ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی دێنە ئاراوە، هاوکات ئاراستەکردنی بەشێوەیەکی گونجاو.

**سێیەم/** لەم دۆخەدا گرنگە راگەیاندنەکان هەموو هەوڵیان بە ئاراستەی پرسە نیشتمانییەکان بخەنەگەڕ و سەرنجیان لەسەر ئازادییە مەدەنییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بێت.

بەشێوەیەکی گشتی، میدیاکان، لەسەروبەندی ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، نەیانتوانیوە ئەو سێ ئەرکەی کە لەسەریانە جێبەجێیان بکەن، ئەمە لە میدیایەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازیی هەیە. بەگوێرەی ئەو واقیعەی لە کوردستان هەیە، زۆرترین میدیاکان یان سەر بە حزبەکانن

---

٧ سەردار عەبدوڵڵا – قەیران و راگەیاندن – لا٧٥

یان ناڕاستەوخۆ خزمەت بە حزبەکان دەکەن، لەو ناوەندەشدا ژمارەیەکی کەم میدیای بێلایەن هەن، بەڵام کاریگەرییەکەیان بە بەراورد بە میدیای حزبەکان، لاوازە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، خاوەنی دەیان کەناڵی ڕاگەیاندنی نووسراو بینراو و بیستراوە، ئەو میدیایانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خزمەت بەو سیاسەتە فەرمی و نافەرمییەی حزبەکەیان دەکەن کە پیادەی دەکات، ئەوەش وا دەکات کە هەرکات حزبەکە بکەوێتە ململانێوە لەگەڵ لایەنێکی تر، ڕاستەوخۆ هەست بەو ململانێیە لە میدیاکانیشیدا دەکرێت.

پارتی کرێکارانی کوردسانیش بەهەمان شێوە؛ دەیان کەناڵی میدیایی لەبەردەستدایە، کە زۆرێکیان لە دەرەوەی کوردستان پەخش دەکرێن، زۆربەی ئەوانە ناڕاستەوخۆ سیاسەتی پەکەکە پیادە دەکەن، بەڵام تەنها بە سەرنجدانێکی کەم، تێدەگەیت کە ئاراستەکەیان خزمەت بە چ لایەنێک دەکات. هەرچی لەم ڕاگەیاندنانەیە، لەژێر دروشمی تر و بە ناو و ناونیشانی ترەوە بەرگری لە پەکەکە دەکەن، زیاتر هەوڵی ئەوە

دەدەن ناڕاستەوخۆ کارەکەیان بکەن، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پەکەکە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە «تیرۆریست» ناسێنراوە و بانگەشەکردن بۆی، دەبێتە هۆی داخستنی کەناڵەکە، بەڵام ئەمە کاریگەریی هەبووە لەسەر وتاری میدیاکانی سەر بە پەکەکە لە کاتی ململانێکانیدا لەگەڵ پارتی، چونکە لەو دۆخەشدا نایانەوێت ڕاستەوخۆ ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و پەنا دەبەنە بەر ڕێگەی ناڕاستەوخۆ و جیاواز لەوەی کە پارتی دەیکات.

بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەری و ڕۆڵی میدیا لە ململانێکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕۆڵێکی نەرێنییە و بە ئاراستەیەکە کە ڕەوایەتی دەدات بە ململانێکە و لە باشترین حاڵەتدا ئەوەیە کە دژایەتی ناکات. میدیای هیچ یەک لەو دوولایەنە، هاوسەنگیی ناپارێزێن و لەکاتی رووماڵی ململانێکاندا گوێ بە ئیتیک و مۆڕاڵی کاری ڕۆژنامەوانیی نادەن.

# بەشی دووەم

## تەوەری دووەم: رووماڵی سێ راگەیاندنی کوردی بۆ گرژییەکانی چەمانکێ

لەم بەشەدا، بەراورد دەکرێت لەنێوان رووماڵی پێکدادانی نێوان پارتی و پەکەکە، بۆ هەر ماڵپەڕێک کە بە نموونە وەرگیراوە، ماوەی ٢٤ کاژێری رووماڵەکەی وەردەگیرێت، شیکاری ناوەڕۆک بۆ هەواڵەکانی پەیوەست بەو رووداوە دەکرێت و پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بەراورد دەکرێت لەگەڵ رووماڵی میدیاکانی تر.

بۆ ئەم بەراوردکارییە، سێ ماڵپەڕ بە نموونە وەرگیراون، ماڵپەڕی (کوردستان٢٤) کە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیکە، ماڵپەڕی (ڕۆژنیوز) کە لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکە، ماڵپەڕی (مەودا میدیا) کە ماڵپەڕێکە لەم ڕووداوەدا بێلایەنە و لە هیچ یەک لە لایەنەکانی ململانێکەوە نزیک نییە.

**نموونەی یەکەم/** ماڵپەڕی کوردستان٢٤ی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستان

لە یەکەم هەواڵی ڕوودانی گرژییەکەی نێوان پارتی و پەکەکەدا، ماڵپەڕی کوردستان٢٤ی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە و سەرجەم زانیارییەکانی هەواڵەکەی، لەسەر زاری پەیامنێرەکەیانەوە خستووەتەڕوو، ناونیشانی هەواڵەکەی کوردستان ٢٤ بریتییە لە:

**پەکەکە هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

ناونیشانەکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەکەکەی بە ئەنجامدانی هێرشی سەر پێشمەرگە

تۆمەتبار کـردووە و وەکـو راستیی «فاکت» مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لە لیدی هەمان هەواڵدا، دووبارە پەکەکە تۆمەتبار کراوە و دەستەواژەی «پەلاماردان»یش بەکارهێنراوە و نووسراوە:

**لە سنووری ناحیەی چەمانکێی سەر بە قەزای ئامێدی، چـەکدارانـی پەکەکە پـەلامـاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان دا.**

هــەرچــی لــە نـــاوەڕۆکـــی هــەواڵــەکــە و زانـیـارییـەکـانـی نـاویـەتـی، تـەنـهـا پشـتـی بە زانیارییەکانی پەیامنێری کەناڵەکە بەستووە و هیچ سەرچاوەی تری بەکارنەهێناوە، هاوکات لە هەواڵەکەدا سیاقی رووداوەکە باس نەکراوە، کە ئەو ململانێیە بۆچی گەیشتووە بەو ئاستە و ناکۆکییەکان لـەسـەر چین. دوای کۆتایی هاتنی زانیاری و ناوەڕۆکی هەواڵەکەش، هیچ باکگراوندێکی رووداوەکە و ناوچەکە و ململانێکە باس نەکراوە، کە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات تەنها ئەو ئاراستەیە وەربگرێت لە هەواڵەکەدا دیـاری کـراوە و نـەزانـێت رووداوەکــە لـە چ سیاقێکدایە لە رووی ململانێ و ناکۆکییەکانەوە لەو ناوچەیەدا.

لە هەواڵی دواتردا، کە لە ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە گوایا پەکەکە کەمپی مەخموری کردووەتە سەربازگە و چەکداری تێدا رادەهێنێت و دەیاننێرێت بۆ قەندیل. ناونیشانی هەواڵەکە بریتییە لە:

**"پەکەکە کەمپی مەخمور دەکاتە سەربازگە"**

ناونیشانەکە، لەگەڵ ئەوەی تۆمەتبارکردنێکی راستەوخۆیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو کۆتەیشندایە، کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەوە قسەی کەسێکە کە لە هەواڵەکەدا بۆچوونەکەی خراوەتەڕوو، بەڵام ئەگەر بنووسرایە (پەکەکە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کەمپی مەخموری کردووەتە سەربازگە) گونجاوتر و پیشەییانەتر دەبوو.

لە لیدی هەواڵەکەدا، بەبێ خستنە کۆتەیشنەوە، دەستەواژەی تیرۆریست بەکارهاتووە و خراوەتە پاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، نووسراوە:

**بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، پەکەکە**

**کەمپی مەخموری کردووەتە بنکەی سەربازی بۆ ئەو مەبەستەش سەدان چەکدار رادەهێنێت، بۆ نانەوەی پشێوی و کاری تیرۆیستی لە هەرێمی کوردستان.**

لە دوای لیدی هەواڵەکەوە، سیاقی رووداوەکە هاتووە، لە سیاقەکەدا نەتوانراوە رەچاوی بنەماکانی رۆژنامەوانیی بکرێت و راستەوخۆ تۆمەت ئاراستەی پەکەکە کراوە بەوەی مەخموری کردووەتە سەربازگە و پێگەیاندنی چەکدار و ناردنی بۆ قەندیل، نووسراوە:

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پەکەکە کەمپی مەخموری وەک بنکەی سەربازی بەکار هێناوە و ئێستا کەمپەکە بووەتە جێگەی مەشق و راهێنانی سەربازیی بە منداڵ و گەنجان و گواستنەوەیان بۆ قەندیل و بەشێکیشی بۆ تێکدانی دۆخی ئەمنیی هەولێر بەکار دەهێنرێن.**

لەڕاستیدا، ئەمە دەبێت وەکو بۆچوونێک بخرێتەڕوو کە خاوەنەکەی دیار بێت، نەک وەکو سیاق و فاکتێک کە سەلمێنرابێت، چونکە نووسینی بەو شێوەیە لە سیاقی هەواڵدا، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر رازیی بکرێت بە زانیارییەک کە سەرچاوەکەی دیار نییە و هیچ ئامرازێکی سەلماندنیشی لەگەڵ نییە.

لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەشدا، دوو کەس قسەیان کردووە، یەکێکیان بەرپرسی لقی ٢٣ی پارتیە و ئەوی تریان چاودێرێکی سیاسییە. لەڕاستیدا، بۆ ئەم هەواڵە، تەنها بۆچوونی ئەو دوو کەسە بەس نییە، دەبوو بەرپرسی پەکەکە یان بەرپرسی ناو کەمپەکە قسەیان بکردایە و بۆچوونی ئەوانیش لەناو هەواڵەکەدا هەبوایە، لە خراپترین دۆخیشدا، لانیکەم دەبوو شایەتحاڵێکی دانیشتووی کەمپەکە، قسەی بکردایە و باسی لەو زانیارییە بکردایە.

لە کۆتایی هەواڵەکەش کە باکگراوند نووسراوە، دووبارە پەکەکە تۆمەتبار کراوەتەوە، نووسراوە:

**پەکەکە رۆژ دوای رۆژ سیاسەتی شەڕ فرۆشتن و تێکدانی دۆخی ئەمنی و پەلکێشکردنی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە پیلانی وڵاتان دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات. جگە لە تەقاندنەوەی بۆری نەوت، ئێستا کەمپی مەخموریشی کردووەتە بنکەی سەربازی و لەوێوە چەکدار بۆ تێکدانی دۆخی ئەمنیی هەرێمی کوردستان رادەهێنێت.**

ئەم شێوازە لە باکگراوند، هیچ پێوەرێکی ڕۆژنامەوانیی نایگرێتەوە، بەڵکوو وەکو دەردەکەوێت، تەواوکەری هەمان بۆچوونی ئەو کەسەیە کە لە هەواڵەکەدا قسەی کردووە و بۆچوونی خۆی خستووەتەڕوو و پەکەکەی تۆمەتبار کردووە، واتا؛ باکگراوند و سیاقی هەواڵەکە، تەواوکەر و یارمەتیدەری بۆچوونی ئەو کەسەن کە لێدوانی لێ وەرگیراوە، کە لە ڕاستیدا، دەبێت سیاق و باکگراوند گێڕانەوەی ڕاستی و ڕووداوی ڕاستەقینە و زانیاریی سەلمێنراو بن نەک بۆچوون.

هەواڵێکی تر لە هەمان ڕۆژ و لە هەمان ماڵپەڕ بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی:

**بۆچی پەکەکە شەڕ بە دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت؟**

ئەم ناونیشانە، بەتەواوەتی ناونیشانێکی ئاراستەکراوە و لەناو خودی پرسیارەکەدا؛ تۆمەتێک خراوەتە پاڵ پەکەکە کە وەکو «فاکت» و ڕاستیی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە «پەکەکە شەڕ بە هەرێمی کوردستان

دەفرۆشێت»، لە ناونیشانەکەدا ئەو تۆمەتە دراوەتە پاڵ پەکەکە، بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا، نە وەڵامی پرسیارەکە درابێتەوە، نە تۆمەتەکە ساغکرابێتەوە و سەلمێنرابێت.

لە لیدی هەواڵەکەدا، دووبارە چەندین تۆمەت خراوەتە پاڵ پەکەکە، بەبێ سەلماندن و سەرچاوە، وەکو فاکت و راستی و زانیاریی سەلمێنراو دراوە بە خوێنەر و وەرگر، نووسراوە:

**بوونی چەکدارانی پەکەکە لە قووڵایی خاکی کوردستان، بووەتە هۆی نائارامی لە ناوچە سنوورییەکان و سەدان گوندیش لە سنوورەکان چۆڵکراون، ئەوە جگە لە پەلکێشکردنی ئاگری شەڕێک، کە هیچ پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.**

لیدی هەواڵ، دەبێت راستترین و سەلمێنراوترین زانیارییەکانی تێدا بێت، هەر زانیارییەکیش کە لە لیدی هەواڵدا دەخرێتەڕوو، دەبێت لەناو ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا بسەلمێنرێت و پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵام لەم هەواڵەدا ئەوە نەکراوە. لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەشدا، هیچ سەرچاوەیەک بەکارنەهێنراوە و لێدوانی هیچ

لایەنێکی پەیوەندیداری ململانێکەی تێدا نییە، تەنها لەژێر ناوی «دانیشتوانی ناوچەکە» و «چاودێرانی سیاسیی»دا هەندێک بۆچوونی خستووەتەڕوو و تۆمەتی تری خستووەتە پاڵ پەکەکە. لە کۆتایی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**چاودێرانی سیاسی وایدەبینن، ئەوەی پەکەکە دەیکات بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستاندا نییە و پێویستیشە لایەنە بەشدارەکانی حکومەت هەڵوێستیان هەبێت لە داکۆکیکردن لە حکومەت و دامودەزگا شەرعییەکانی هەرێم.**

بەبێ ئەوەی ناوی ئەو چاودێرە سیاسییانە هاتبێت و ئاماژەی پێ کرابێت.

لە هەواڵێکی تری هەمان رۆژدا، ناونیشانێک نووسراوە:

**پەکەکە رێز لە سەروەریی هەرێمی کوردستان ناگرێت**

ئەم ناونیشانە، وەکو راستی و فاکتێک خراوەتەڕوو، دەکرا لەناو کۆتەیشندا بوایە ئەگەر قسەی یەکێکە لە سەرچاوەکانی ناو هەواڵەکە، بەڵام لەڕاستیدا نووسینی ئەو ناونیشانە،

کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەر ئەوەی بەشێک لە حەقیقەتی تێدایە، راستییە کە پەکەکە لەناو خاکی هەرێمدا هەیە و گوێ بەوە نادات کە هەرێم بەهۆی بوونی ئەوەوە دووچاری کێشە دەبێتەوە یان لانیکەم دەبێتە بیانوو بەدەست هەندێ لایەنەوە تا زیان بە هەرێم بگەیەنن، بەڵام لە هەر دۆخێکدا بێت، بنەمایەک هەیە کە بریتییە لەوەی: «رۆژنامەنووس تا دەتوانێت خۆی لە داوەریکردن بپارێزێت». لەژێر سایەی ئەو بنەمایەدا، دەکرا ئەو ناونیشانە بەشێوەیەکی باشتر و پیشەییانەتر بنووسرایە.

لیدی هەواڵەکە بەشێوەیەکی گشتیی گونجاوە، چونکە لەسەر زاری سەرچاوەکانییەوە زانیارییەکانی خستووەتەڕوو. لە لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**پەرلەمانتاران و کەسایەتییە سیاسیەکانی کوردستان، پەیامەکەی سەرۆک بارزانی بە پەیامێکی کوردانە لە قەڵەم دەدەن، دوای ئەو پەیامە بە پێویستی دەزانن پەکەکە و لایەنە سیاسییەکان لە هەستیاری دۆخەکە تێبگەن و پەکەکە رێز لە دەسەڵاتە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت، هەموو ئەو ناوچانەش چۆڵ بکات کە بە سەپاندنی هێزی چەکداری داگیری کردوون.**

بە بەراورد بە لیدی هەواڵەکانی هەمان ڕۆژی ماڵپەڕی کوردستان٢٤، لیدی ئەم هەواڵە کەمتر بۆچوونی تایبەتی هەواڵسازی پێوە دیارە و هەموو ئەو زانیارییانەی خراونەتەڕوو لە لیدەکەدا، لەسەر زاری سەرچاوەکان کە بریتییە لە: «پەرلەمانتاران و کەسایەتییە سیاسییەکان» خراونەتەڕوو، بەڵام دەکرا باشتر بوایە، بەشێوەیەک لەبری دەستەواژەی «پەرلەمانتاران و کەسایەتییە سیاسییەکان» ناوی ئەو پەرلەمانتار یان کەسایەتییەی بوتایە کە بۆچوونەکەی هەبووە، ئاوا وردتر دەبوو. دوای لیدی هەواڵەکە، وەکو سیاقێکی ڕووداوەکان، باس لەوە کراوە کە مەسعود بارزانی پەیامێکی بڵاوکردووەتەوە و ناوەڕۆکی پەیامەکەش باس کراوە، کە ئەمە گونجاوە وەکو سیاق بەکاربهێنرێت، نووسراوە:

**لە پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی داوا لە هەموو لایەک دەکات، ڕێگە بە خۆسەپاندنی نایاسایی هیچ لایەک نەدرێت، بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێک نەچێت، لە هەمان کاتیشدا شوێنە وێرانکراوەکان ئاوەدان بکرێنەوە و گرژی زیاتر ڕوو نەدات، بە پێویستیشی دەزانێت پشتیوانی لە**

**خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و گەلی کورد بکەن و لە ئاست بەرپرسیارێتی قۆناغەکەدا بن.**

لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا، پشت بە بۆچوونی دوو کەس بەستراوە کە لێدوانیان لێ وەرگیراوە، یەکێکیان پەرلەمانتارە و ئەوی تریان چاودێری سیاسییە، هەردوو لێدوانەکەش جەخت لە یەک بۆچوون دەکەنەوە، کە پەکەکە سەروەریی هەرێم ناپارێزێت و کێشەی بۆ دروست کردووە، بەڵام هیچ بۆچوونێکی جیاواز لەوانی تێدا نییە. لە هەواڵێکی لەو شێوەیەدا، کە لایەنێک بە کردن یان نەکردنی کارێک تۆمەتبار دەکرێت، دەبێت بۆچوونی ئەو لایەنەش وەربگیرێت، یان هیچ نەبێت دەکرا لەو هەواڵەدا بۆچوونی کەسێکی نزیک لە پەکەکە وەربگیرایە وەکو چاودێری سیاسی، چونکە یەکئاراستەیی هەواڵ، کێشە بۆ بنەمای بێلایەنیی دروست دەکات.

لە باکگراوندی هەواڵەکەدا، نووسراوە:

**لە پەیامێکدا سەرۆک بارزانی داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، هەموو ئەو ناوچانە چۆڵ بکات کە لە ڕێگەی سەپاندنی هێزی چەکداری داگیری کردوون، مەترسییان بۆ سەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، جەختیش**

**دەکاتەوە کە نابێت هەڵوێستەکانمان بە هەڵە لێکبدرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیریی شار و شارۆچکە و دێهاتەکان تێکبدرێت.**

ئـەمـە، بـەنـزیـکـەیـی دووبـارەکـردنـەوەی هەمان ئەو تێکستەیە کە لە سیاقی هەواڵەکەدا بەکارهاتووە. لەڕاستیدا، ئەم دووبارەبوونەوەیە زیـادەیـە، دەبـوو یـان لـە سـیـاقـەکـەدا یـان لە باکگراوندەکەدا باسی لەو ململانێیە بکردایە کە لەنێوان پەکەکە و پارتی لە ناوچەکەدا هەیە.

لە هەواڵی دواتردا، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ بڵاوکراوەتەوە، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ: بەهۆی پەکەکە زیاتر لە ٤٠ گوندی ناوچەکە چۆڵکراون**

ئەم ناونیشانە، هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە تەنها قسەی بەرپرسەکەی گواستووەتەوە و بە ڕوونییش لە ناونیشانەکەدا دەریخستووە کە کێ ئەم قسەیەی کردووە و وەکو بۆچوون و لێدوانی ئەو کەسە دەرکەوتووە، نەک وەکو ڕاستیی «فاکت».

له لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ لە دەڤەری ئامێدی باسی پەلامارەکەی پەکەکە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە دەکات و راشیدەگەیەنێت، بەهۆی چەکدارانی پەکەکە زیاتر لە ٤٠ گوندی سنووری شارەدێی چەمانکێ چۆڵکراون.**

لیدی هەواڵەکە، بەشێوەیەکی گشتی، لە هەواڵەکانی پێش خۆی لە هەمان ماڵپەڕ باشترە، بەڵام لە سەرەتای لیدەکەدا، تۆمەتێکی راستەوخۆ وەکو راستیی «فاکت» ئاراستەی پەکەکە کراوە، کە ئەمە هەڵەیە، لەبری ئەوەی بنووسرایە «باسی پەلامارەکەی پەکەکە دەکات»، باشتربوو بنووسرایە: باسی ئەو ئاڵۆزییە دەکات کە لەنێوان پەکەکە و پارتی یان پەکەکە و هێزی پێشمەرگەدا دروستبووە.

هەرچی ناوەڕۆکی هەواڵەکەیە، پشتی بە کۆنگرەی رۆژنامەوانیی بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ بەستووە و قسەکانی ئەوی وەکو خۆی گواستووەتەوە، بەشێوەیەکی گونجاو لێدوانی ئەو بەرپرسە گواستراوەتەوە و کراوەتە هەواڵ و قسەکانی وەکو خۆی دانراوەتەوە، بەڵام کێشەی ئەو هەواڵە لەوەدایە کە نە باکگراوندی

ململانێکەی باس کردووە، نە ئەو سیاقەی باس کردووە کە هەواڵەکە تێیدا روویداوە، تەنها لێدوان و قسەکانی بەرپرسەکەی گواستووەتەوە وەکو رووداوێکی دابڕاو لە رووداوەکان و هەواڵەکانی تری ئەو رۆژە، کە ئەمە وا دەکات خوێنەر و وەرگر نەتوانێت بە دروستیی لەو زنجیرە رووداوە تێبگات کە ئەو رۆژە روویانداوە و بووەتە هۆی ئەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ببەستێت.

ئەگەرچی ئەم هەواڵەش چەند کێشەیەکی سەرەکیی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، لەچاو هەواڵەکانی پێش خۆی کە ئەو رۆژە لە ماڵپەڕی (کوردستان ٢٤) بڵاوکراونەتەوە لەسەر ئەو رووداوە، لە ئاستێکی باشتردایە و کەمتر هەوڵی ئاراستەکردنی خوێنەر دراوە و کەمتر تۆمەت خراوەتە پاڵ لایەنێکی ململانێکە لە بەرژەوەندیی لایەنەکەی تر.

لە هەواڵی دواتردا، راگەیەنراوی کۆبوونەوەی ئەو رۆژەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**ئەنجومەنی وەزیران: بەتووندی ئیدانەی هێرشی پەکەکە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە دەکەین**

ئەم ناونیشانە، تا رادەیەکی زۆر گونجاوە و لەجێیە و بریتییە لە گواستنەوەی بۆچوون و هەڵوێستێک کە لە راگەیەنراوی فەرمیی حکومەتدا هاتووە.

لە لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**ئەنجومەنی وەزیران هێرشەکەی ئەمڕۆی ناحیەی چەمانکێ لە پارێزگای دهۆک کە لەلایەن هێزەکانی پەکەکە کرایە سەر پێشمەرگە، بەهێرشکردنە سەر تەواوی خەڵکی کوردستان دەزانێت و بەتوندی ئیدانەی دەکات.**

لە لیدەکەشدا بەهەمان شێوە، تا رادەیەک بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ راگەیەنراوەکەدا کراوە، تەنها لەو بەشەی سەرەتای لیدەکە نەبێت کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەکەکەی بە ئەنجامدەری هێرشی سەر پێشمەرگە ناساندووە، کە ئەمە ئەگەر راستیش بێت، کاری هەواڵساز نییە لە هەواڵەکەدا شتێک وەکو فاکت و راستیی بدات بە خوێنەر کە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە و ئەو لایەنەی

کە پێی تۆمەتبار دەکرێت، بەرپرسیارێتی خۆی لێی رانەگەیاندبێت.

هەرچی ناوەڕۆکی هەواڵەکەیە، بەشێوەیەکی گونجاو راگەیەنراوی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووەتە سەرچاوەی زانیارییەکانی و هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی بەشێوەیەکی بەجێ گواستووەتەوە، بەڵام هەواڵەکە سەرەتا وەکو هەواڵێکی تەشریفاتی دەردەکەوێت و ئەوەش لە گرنگیی هەڵوێستەکە کەم دەکاتەوە. دەبوو لەدوای لیدەکە، ئەو سیاقە بنووسرایە کە لەو رۆژەدا چی روویداوە و ئاڵۆزییەکە چۆن بووە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەوە تێبگات کە گرنگیی ئەم هەڵوێستەی حکومەتی هەرێم لە چ ئاستێکدایە، بەڵام لەبری ئەوەی سیاق بنووسرێت، لە پەرەگرافێکدا کە لە دوای لیدەوە هاتووە، نووسراوە:

**ئەنجومەنی وەزیران ئەمڕۆ (چوارشەممە، ٤-١١-٢٠٢٠)، بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران، کۆبوونەوەی هەفتانەی ئاسایی خۆی کرد، لە تەوەرێکیشدا تیشکی خستە سەر هێرشەکەی ئەمڕۆی پەکەکە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە.**

ئەمە بەتەواوەتی بابەتێکی تەشریفاتییە، ئەگەر لە رۆژێکی ئاساییدا بوایە و بابەتی هەواڵەکەش بابەتێکی ئاسایی رۆژانە بوایە، ئاسایی بوو ئەم پەرەگرافە وەکو سیاق لە دوای لیدەوە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو رۆژەدا رووداوێک روویداوە کە گرنگییەکی گەورەی هەیە و خودی هەواڵەکەش لەسەر ئەو بەشەی راگەیەنراوەکەیە کە پەیوەستە بەو رووداوە، دەبوو سیاقەکە باسی رووداوەکەی بکردایە و ئاڵۆزی و ململانێکەی بیری خوێنەر بخستایەتەوە، ئاوا گرنگیی هەڵوێستەکەی حکومەتیش لای خوێنەر زیاتر دەبوو.

لە درێژەی هەواڵەکەدا، وەکو باکگراوندێک، باسی رووداوەکانی ئەو رۆژە کراوە و کۆنگرەی رۆژنامەوانیی بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ دووبارە سوودی لێ وەرگیراوەتەوە کە ئەمە شتێکی گونجاوە، هەروەها دوای کۆتایی هاتنی هەواڵەکە، دەقی ئەو بەشەی راگەیەنراوەکە دانراوە کە باس لە رووداوەکە دەکات و ئەوەش کارێکی باشە و هەواڵەکەی دەوڵەمەندتر کردووە.

له‌ ناونیشانی هه‌واڵی دواتردا نووسراوه‌:

**چه‌كدارانی په‌كه‌كه‌ دوو پۆلیسی نـه‌وت له‌ ناوچه‌ی چه‌مانكێ برینداردەكەن**

ئه‌م ناونیشانه‌، مامه‌ڵه‌كردنه‌ له‌گه‌ڵ زانیارییه‌ك وه‌كـو فاكت، له‌كاتێكدا هێشتا نه‌ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ رووداوه‌كه‌ كراوه‌ نه‌ لایه‌نه‌كانی ململانێكه‌ بۆچوون و هه‌ڵویستی خۆیان خستووه‌ته‌ڕوو و نه‌ هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك له‌ هه‌واڵه‌كه‌دا خراوه‌ته‌ڕوو بۆ سه‌لماندنی ئه‌م ناونیشانه‌. هه‌رچی له‌ هه‌واڵه‌كه‌شه‌، هه‌واڵێكی به‌ته‌واویی كه‌م و كورت و پڕكێشه‌یه‌، چونكه‌ ته‌نها له‌ دوو په‌ره‌گراف پێكهاتووه‌، نه‌ سیاق و نه‌ باكگراوند و نه‌ سه‌رچاوه‌ی زانیاری و نه‌ سه‌لماندنی تێدا نییه‌ و ته‌نها تۆمه‌تێكه‌ و خراوه‌ته‌ڕوو.

له‌ لیدی هه‌واڵه‌كه‌دا نووسراوه‌:

**سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ پۆلیسی نـه‌وت و گاز له‌ پارێزگای دهـۆك رایگه‌یاند، كه‌ ئێواری ئه‌مڕۆ چوارشه‌ممه‌ ٢٠٢٠/١١/٤ چه‌كدارانی په‌كه‌كه‌ له‌ ناوچه‌ی چه‌مانكێ هێرشیان كرده‌ سه‌ر هێزێكی پۆلیسی نه‌وت و گاز كه‌ له‌ جێبه‌جێكردنی ئه‌ركی خۆیاندابوون له‌ ناوچه‌كه‌دا، له‌ ئه‌نجامدا دوو پۆلیس بریندار بوون.**

لەڕاستیدا ئەمە بۆ لیدی هەواڵ گونجاو نییە لە رووی شکڵییەوە، لە رووی ناوەڕۆکیشەوە، بەکارهێنانی «سەرچاوەیەک لە پۆلیسی نەوت و گاز» گونجاو نییە بۆ زانیارییەکی لەو شێوەیە کە پەیوەستە بە کۆی ململانێیەکی گەورە کە پەیوەندی بە دوو حزبی گەورەوە هەیە و لە هەر چوار پارچەی کوردستان و تەنانەت لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش ئەو رووداوە دەبێتە جێگەی سەرنج، بۆیە دەبوو سەرچاوەی تر بەکاربهێنرایە و وردتر زانیارییەکە سوودی لێ وەربگیرایە بۆ ئەوەی خوێنەر متمانە بە هەواڵەکە بکات.

لە دوای لیدی هەواڵەکەوە تەنها یەک پەرەگراف هەیە، ئەویش نووسراوە:

**هێرشەکانی چەکدارانی پەکەکە بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و دامەزراوە رەسمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوە دێت لە چەند رۆژی رابردوودا چەکدارانی ئەو رێکخراوە بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانیان تەقاندەوە.**

سەلماندن و سەرچاوەی زیاتر و بۆچوون و هەڵوێستی لایەنەکانی ململانێکەی تێدا نییە، راستەوخۆ وەکو باکگراوندی ئەوەی کە لە

لیدەکەدا خراوەتەڕوو، باس لەوە کراوە چەند ڕۆژی پێشووش بۆریی نەوتی کوردستان تەقیوەتەوە، بەبێ ئەوەی باس لەو ڕووداوانە بکەن کە لەو ڕۆژەدا ڕوویانداوە و بوونەتە هەواڵی گەرمی میدیاکان و لە هەمان ماڵپەڕیشدا زیاتر لە پێنج هەواڵی لەسەر بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵی دواتری ماڵپەڕی کوردستان٢٤، بریتییە لە هەواڵێک کە لە چاوپێکەوتنێکی (جەمال عەبدوڵڵا - چاودێری سیاسی)یەوە وەرگیراوە و کراوە بە سەرچاوەی هەواڵەکە، ناونیشانی هەواڵەکە بریتییە لە:

**جەمال عەبدوڵڵا: دەبێت هێرش بکرێتە سەر پەکەکە و لێیان بدرێت و تەمێ بکرێن**

ناونیشانەکە چەند کێشەیەکی هەیە، یەکەم: جەمال عەبدوڵڵا وەکو چاودێری سیاسیی قسە دەکات و لە هیچ پۆستێکی سیاسی و سەربازیدا نییە تا بۆچوونی ئەو لەبارەی هێرش بۆ سەر پەکەکە بکرێتە ناونیشان و ئەو گرنگییەی پێ بدرێت. دووەم: نووسینی ناونیشانی لەو شێوەیە لە دۆخێکی وا دژوار و ئاڵۆزدا، خزمەت بە

فراوانبوون و تەشەنەکردنی ئاڵۆزییەکە دەکات، کە ئەمە ئیشی میدیای پیشەیی نییە. سێیەم: لەڕاستیدا قسە و بۆچوون نابێتە هەواڵ، واتا؛ بەهای هەواڵیی نییە، تەنها قسە و بۆچوون و هەڵوێستی کەسێک نەبێت کە بەرپرسیارێتییەکی هەبێت یان لە پێگەیەکی فەرمیدا بێت، خۆ ئەگەر لەناو هەواڵێکدا کە رووداوێک روویدابێت و بۆچوونی چاودێرێک یان شرۆڤەکارێک وەرگیرابێت؛ ئەوا ئاساییە، بەڵام ئاسایی نییە لەبری رووداوەکە بۆچوونەکەی ئەو بکرێتە ناونیشانی هەواڵەکە.

بەشێوەیەکی گشتی، بێجگە لە ناونیشانەکەی کە لە رووی شکڵییەوە لە ناونیشانی هەواڵ دەچێت، هیچ بەشێکی تری هەواڵەکە گونجاو نییە بۆ ئەوەی پێی بووترێت هەواڵ، بەڵکوو تەنها قسە و بۆچوونەکانی ئەو چاودێرە سیاسییە دارێژراوەتەوە و بەرنامەکەیە نووسراوەتەوە و لەبری هەواڵ و لە بەشی هەواڵی کوردستانیی دانراوە.

لە هەواڵی دواتردا، راگەیەنراوێک کە هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی

کوردستان بڵاوی کردووەتەوە، کراوە بە هەواڵ و لە ناونیشانەکەیدا نووسراوە:

**هێمن هەورامی: پەکەکە بەمەنتیقی هێرش و پەلاماردان و دەستدرێژی مامەڵە دەکات**

ئەم ناونیشانە، گونجاوە، لەبەر ئەوەی قسەکە خودی هێمن هەورامی کردوویەتی و لە راگەیەنراوەکەدا هەیە، هێمن هەورامی پۆستێکی فەرمیی هەیە و جێگری سەرۆکی بەرزترین دەسەڵاتە لە کوردستان، کە پەرلەمانی کوردستانە.

هەرچی لیدی هەواڵەکەیە، نووسراوە:

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە بارەی هێرش و دەستدرێژییەکانی پەکەکەوە راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند «پەکەکە هەرگیز سڵ لەتێکدانی گیانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیی کوردستانییانە ناکاتەوەو بەمەنتیقی هێرش و پەلاماردان و دەستدرێژی مامەڵە دەکات».**

ئەگەر هەردوو وشەی «هێرش و دەستدرێژی» کە لە لیدی هەواڵەکەدا و پێش کۆتەیشنی هەڵوێستەکەی جێگری سەرۆکی

پەرلەمان هاتووە، نەبوایە یان لە کۆتەیشندا بوونایە؛ ئەوا لیدی هەواڵەکەش گونجاوتر دەبوو، بەڵام لەبەر بەکارهێنانی ئەو دوو دەستەواژەیە، وا دەردەکەوێت کە هەواڵسازەکە لایەنگریی کردووە و دوو تۆمەتی داوەتە پاڵ پەکەکە کە لەڕاستیدا ئیشی هەواڵساز نییە ئەوە بکات، چونکە راگەیەنراوەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر ئەو بابەتەیە و بەهەمان ئاراستەیە، دەکرێت سوود لەو وەربگیرێت نەک هەواڵساز بۆچوونی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەواڵەکەدا.

لە هەواڵەکەدا، لەبارەی رووداوەکانی ئەو رۆژە و ئەو سیاقەی کە هەواڵەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هیچ نەنووسراوە و راستەوخۆ دوای لیدی هەواڵەکە، سەرچاوەکەی بەکارهێناوە کە بریتییە لە راگەیەنراوی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە کۆتایی هەواڵەکەشدا هیچ باکگراوندێک نەنووسراوە و راگەیەنراوەکە وەکو بابەتێکی دابڕاو لە رووداوەکان مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات لە گرنگیی راگەیەنراوەکە و هەڵوێستەکەی هێمن هەورامی تێنەگات.

لە هەواڵی دوای ئەودا، ڕاگەیەنراوی پارێزگاری دهۆک کراوەتە بابەتی هەواڵ و لە ناونیشاندا نووسراوە:

**پارێزگاری دهۆک هێرشەکانی پەکەکە شەرمەزار دەکات**

ئەم ناونیشانە، دەکرا پیشەییانەتر بوایە، بەوەی هەردوو وشەی هێرشەکانی پەکەکە خرابوایە ناو کۆتەیشنەوە، چونکە ناونیشانی هەواڵەکە وەکو ڕاستیی «فاکت» مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکە کردووە. لەڕاستیدا ئەمە گونجاوە، چونکە شەرمەزارکردنی ڕووداوەکە، بابەتی گرنگی ناونیشانەکە و هەواڵەکەیە، بۆیە دەکرا بە دانانی ئەو دوو وشەیە لەناو کۆتەیشندا، پیشەییانەتر مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکەدا کرابوایە.

سەبارەت بە لیدی هەواڵەکە، نووسراوە:

**لە ڕاگەیەندراوێکدا عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆک هێرشی چەکدارانی پەکەکە بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە شەرمەزار دەکات و بە کردەوەیەکی داگیرکارانەی خاکی هەرێمی کوردستان ناودەبات.**

تا ڕادەیەک گونجاوە و کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە دەکرا پیشەییانەتر مامەڵەی

لەگەڵ بکرێت و هەندێک لەو دەستەواژانەی بەکارهێنراون، بەکارنەهێنرێن.

دوای لیدی هەواڵەکە، راستەوخۆ چووەتە سەر ناوەڕۆکی راگەیەنراوەکەی پارێزگاری دهۆک و پاشانیش باکگراوندی هەواڵەکە نووسراوە کە باس لە رووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی پەیوەست بەو بابەتە دەکەن، باکگراوندەکە ئاراستەی سیاسیی پێوە دیارە و وەکو هەواڵەکانی تری هەمان ماڵپەڕ، تۆمەتبارکردنی لایەنێکی تێدا بەدی دەکرێت بەبێ سەلماندن.

دوای ئەم هەواڵە، راگەیەنراوی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان و راگەیەنراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە بە هەواڵ و لەگەڵ هەردووکیاندا هەمان مامەڵەی راگەیەنراوەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە، پاشانیش لە کۆتا هەواڵی ئەو رۆژەدا لەسەر رووداوەکە، چاوپێکەوتنی سالار عوسمان، چاودێری سیاسیی کە لە کەناڵی کوردستان٢٤ ئەنجامی دابوو، کراوە بە هەواڵ و کۆپیی چاوپێکەوتنەکە نووسراوەتەوە و لەناو هەواڵەکەدا دانراوە.

**تایبەتمەندیی رووماڵی ماڵپەڕی کوردستان٢٤ بۆ پێکدادانی نێوان پارتی و پەکەکە لە چەمانکێ:**

بەشێوەیەکی گشتی، لەو شەو و رۆژەدا کە رووداوەکە روویداوە، لە ماڵپەڕی (کوردستان٢٤)، لەبارەی رووداوەکەوە ١٣ هەواڵی جیاواز بڵاوکراونەتەوە. پێشتر ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو هەواڵانەمان بەشێوەیەکی ورد هەڵسەنگاند و هەڵەکان خرانەڕوو، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتیی تایبەتمەندییەکانی رووماڵی ماڵپەڕی کوردستان٢٤ بۆ رووداوەکە، بەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینەڕوو:

**یەکەم/** لە کۆی رووماڵەکەی ئەو رۆژەدا، ماڵپەڕی کوردستان٢٤، تەنها ئەو هەواڵانەی گواستووەتەوە کە لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

**دووەم/** لە کۆی هەواڵەکاندا، بۆ تەنها جارێکیش ئاماژە بە بۆچوونی پەکەکە و هەڵویستی ئەو نەکراوە لەبارەی رووداوەکەوە.

**سێیەم/** بێجگە لە بەرپرسەکانی پارتی کە پۆستی حکومییان لەدەستدایە و چاودێرانی نزیک لە پارتی، بۆچوون و هەڵوێستی هیچ

لایــەن و کەسایەتییەکی تــر، گرنگیی پێ نەدراوە.

**چوارەم/** لە زۆربەی هەواڵەکاندا، هەواڵسازەکە بۆچوونی خۆی تێکەڵی زانیارییەکان کردووە و لەبەرئەوەی کە زیـاد لە هەواڵسازێک ئەو هەواڵانەی ئامادە کردووە، دەکرێت ئاراستەی دەزگـا راگەیاندنەکە خـۆی بووبێت کـە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکە و هەواڵەکاندا بکەن.

**پێنجەم/** ماڵپەڕی کـوردسـتـان٢٤، خـۆی لە هەندێک هەواڵ بـواردووە، وەکو راگەیەنراوی کەجەکە، راگەیەنراوی وەزارەتی پێشمەرگە و چەند راگەیەنراوێکی تر.

**شەشەم/** لە کۆی گشتیی هەواڵەکاندا، هەوڵ دراوە پـاسـاو بـۆ شــەڕکـردن دژی پەکەکە بهێنرێتەوە، دەیـان جار تۆمەت دراوەتـە پاڵ پەکەکە بەبێ ئەوەی بسەلمێنرێت یان بۆچوونی پەکەکەی لەبارەوە وەربگیرێت.

**حـەوتـەم/** لە چەند هەواڵێکدا هانی شەڕی دژ بە پەکەکە دراوە و رەوایەتی پێ دراوە و پاساوی بۆ هێنراوەتەوە.

**نموونەی دووەم/** ماڵپەڕی ڕۆژنیوزی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان

لە ڕۆژی ڕوودانی پێکدادانەکەی نێوان پارتی و پەکەکە، ماڵپەڕی ڕۆژنیوزی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان، هەواڵی ڕووداوەکەی نەگواستووەتەوە، یەکەم هەواڵیش کە پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەیە و بڵاوی کردووەتەوە، بریتییە لە هەواڵێک کە بۆچوونی عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی خولی پێشووتری پەرلەمانی تێدا وەرگیراوە، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**عەبدوڵڵای مەلا نوری بۆ بارزانی: ئەوەی فریای هەرێم کەوت پەکەکە بوو**

ئەم ناونیشانی هەواڵە، وەکو بۆچوونەکە کێشەی نییە، بەڵام کە لەدوای ناوی عەبدوڵڵای مەلا نورییەوە نووسراوە «بۆ بارزانی» ئەوە هەوڵی ئاراستەکردنی تێدا دراوە و ویستراوە بۆچوونەکە بقۆزرێتەوە بۆ ئەوەی دژایەتی بارزانی پێ بکرێت.

لە لیدی هەواڵەکەشدا بەشێوەیەکی گونجاو بۆچوونی عەبدوڵڵا مەلا نوری خراوەتەڕوو و بێجگە لە قسەکانی ئەو، هیچ ئاراستەکردن و

تۆمەتبارکردنێک نەخزێنراوەتە ناو لیدەکەوە، لە دوای لیدەکەوە، بە پەرەگرافێک ئەو سیاقە باس کراوە کە هەواڵەکەی تێدا ئامادە کراوە و بۆچوونی عەبدوڵڵا مەلا نوری تێدا وەرگێراوە، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوەتی رووداوەکان روون بکاتەوە و ئەو سیاقەی کە نووسراوە؛ ناتوانێت خوێنەر پڕ زانیاری بکات و کۆی وێنە گەورەکەی لە لا روون بکاتەوە، نووسراوە:

**لەبارەی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی باشووری کوردستان و جوڵاندنی هێز لەلایەن پەدەکەوە بۆ سنووری هەرێمەکانی گەریلا لە پارێزگای دهۆک و بەیاننامەکەی ٢ی ئەم مانگەی مەسعود بارزانی، کە تێیدا پێداگری لەسەر هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کرد، عەبدوڵڵای مەلا نوری، چاودێری سیاسی بۆ رۆژنیوز دەدوێت.**

لەم پەرەگرافەدا، ئاماژە بەوە نەکراوە کە پێکدادان لەنێوان پەکەکە و پارتیدا روویداوە، ئاماژە بەو تۆمەتانەش نەکراوە کە لەلایەن پارتیەوە ئاراستەی پەکەکە دەکرێن. هاوکات تۆمەتێکی داوەتە پاڵ پارتی، بە جووڵاندنی هێز بۆ ئەو ناوچانەی گەریلایان تێدایە، بەبێ ئەوەی

سەرچاوەی ئەو زانیارییە ئاماژە پێ بکات یان بیسەلمێنێت کە ئەوە روویداوە.

ناوەڕۆکی هەواڵەکەش بەشێوەیەکی گشتی، یەک ئاراستەی بۆچوونە و تەنها بۆچوونی عەبدوڵڵا مەلا نوری وەرگیراوە و بۆچوونی جیاواز و پێچەوانەی ئەوەی وەرنەگرتووە و ئاماژەی پێ نەکردووە. بەگشتی، ئاراستەی قسەکانی عەبدوڵڵا مەلا نوری بە ئاراستەی ئاشتەوایی و رێگریکردنە لە روودان و تەشەنەکردنی شەڕ، بەڵام لەبەرئەوەی عەبدوڵڵا مەلا نوری رەخنە لە وتارەکەی بارزانی دەگرێت و دژی دەوەستێتەوە، دەبوو بۆچوونی کەسێکی نزیک لە پارتی و بارزانی وەربگیرایە و بۆچوونی ئەویش بخرایەتەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر لەوە تێبگات کە دوو ئاراستەی جیاواز لە بابەتەکەدا هەن و ئەوکات داڕشتنی هەواڵەکە پیشەییانەتر و بێلایەنانە دەردەکەوت.

لە هەواڵی دوای ئەودا، باس لە پەیامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان کراوە و لە ناونیشانەکەیدا نووسراوە:

**یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان دەستپێشخەرییەکی راگەیاند**

ناونیشانەکە گونجاوە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام دەکرا بەهێزتر بێت. لیدی هەواڵەکەش بەهەمان شێوە گونجاوە، نووسراوە:

**یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان هۆشداری لەسەر ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی دەدا و داوای دەستپێشخەریی بۆ گفتوگۆی ئاشتییانەش دەکات.**

ئەم لیدە، بۆ هەواڵەکە گونجاوە و لەگەڵ ناوەڕۆکی راگەیەنراوەکەی یەکێتیی پەرلەمانتاراندا دێتەوە و هیچ دژایەتی و ئاراستەکردن و تۆمەتبارکردنێکی تێدا نییە بۆ لایەنێک لە لایەنەکان.

دوای لیدی هەواڵەکە، راستەوخۆ ناوەڕۆکی راگەیەنراوەکە خراوەتەڕوو، کە پێویست بوو پێش ئەوە بە پەرەگرافێک باس لەو رووداوانە بکرایە کە بوونەتە هۆی ئەوەی یەکێتییەکە ئەو راگەیەنراوە بڵاو بکاتەوە و هۆشداری لە هەڵگیرساندنی شەڕ بدات. هەرچی باکگراوندی هەواڵەکەیە، بەلاڕێدابردنی تێدایە، نووسراوە:

**ئەم راگەیەنراوە لەکاتێکدایە لە چەند رۆژی رابـردوودا مەسعود بارزانی سەرۆکی پەدەکە لە پەیامێکدا داوای لە پەدەکە کرد لە خاکی باشوور بکشێتەوە، ئەمەش وەک زەنگێکی مەترسیدار لێکدرایەوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕێک کە تەنها دوژمنان لەم کاتەدا سوودی لێ دەبینن.**

ئـەم باکگراوندە، بە هەوڵی بەلارێدابردن دادەنرێت، چونکە لەڕاستیدا راگەیەنراوی یەکێتی پەرلەمانتاران بە روونی باسی لەوە کردووە کە "پەرەسەندنی رووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستان مـەتـرسـیـدارە"، بـەڵام مـاڵـپـەڕی رۆژنـیـوز لە هەواڵەکەدا بەشێوەیەک ئاراستەکەی گۆڕیوە؛ گوایا راگەیەنراوەکە کاردانەوەی راگەیەنراوی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە دوو رۆژ پێشتر بڵاوکراوەتەوە نەک هی رووداوەکەی ئەو رۆژە.

لە هەواڵی دواتردا، راگەیەنراوێکی تەڤگەری ئازادیی کراوەتە سەرچاوەی هەواڵەکە و لە ناونیشانەکەیدا نووسراوە:

**تەڤگەری ئازادی: ئێستا زیاتر پێویستمان بە حەرامکردنی شەڕی کورد بە کوردە**

ئەم ناونیشانە، لە رووی پیشەییەوە هیچ کێشەیەکی نییە و ناوەڕۆکەکەشی بە ئاراستەی کەمکردنەوەی گرژییە نەک گەورەکردنی. لە لیدی هەواڵەکەشدا، نووسراوە:

**تەڤگەری ئـــازادی کۆمەڵگەی کوردستان، رایدەگەیەنێت، هەر کاتێک دەوڵەتی تورک تووشی شکست بێت پەنا دەباتە بەر دروستکردنی ئاڵۆزیی و کاری گێرەشێوێنی لە باشووری کوردستاندا، بۆ ئەوەش پەدەکە هاوکاری کردووە و هەماهەنگ بووە لەگەڵیدا.**

لە لیدی هەواڵەکەشدا مامەڵەیەکی پیشەییانە کـراوە و تەنها ئـەو بـۆچـوون و هەڵوێستە خراوەتەڕوو کە لە راگەیەنراوەکەی تەڤگەردا هاتووە، بەبێ ئاراستەکردن و تۆمەتبارکردن و بـەلارێدابـردن. لە دوای لیدی هەواڵەکەوە، راســتــەوخــۆ نــاوەڕۆکــی راگــەیــەنــراوەکــە خراوەتەڕوو بەبێ ئـەوەی سیاقی رووداوەکـە روون بکرێتەوە. لە کۆی هەواڵەکەدا، بێجگە لە دەقی راگەیەنراوەکەی تەڤگەر، هیچ زیادەیەک بەدی ناکرێت و تەنانەت باکگراوندی هەواڵیشی بۆ نەنووسراوە.

دواتــر، هـەواڵـێک بـڵاوکـراوەتـەوە پشتی بـە کۆنـگـرەیـەکـی ڕۆژنـامـەوانـیـی گـرووپـێک لـە چـالاکـوان بـەسـتـووە بـە نـاوی «دەسـتـەی دەستپێشخەریی کۆنفرانسی نیشتمانی»، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**بانگەواز بۆ ڕاگرتنی شـەڕی کـورد بە کورد دەکرێت**

ناونیشانی هەواڵەکە، هیچ کێشەی تێدا نییە و گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکە. هەروەها لە لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**دەسـتـەی دەسـتـپـێـشـخـەریـی کۆنفرانسی نیشتمانیی، بانگەوازی کۆمەڵگە و هەموو لایەنەکان دەکەن، کە ڕێگە بە شەڕی کورد بە کورد نەدەن و بە دیالۆگی نەتەوەیی ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن، دەشڵێن: شەڕی ناوخۆ تەنها داگیرکەران لێی سوودمەند دەبن.**

لیدی هەواڵەکەش بەهەمان شێوە گونجاوە و بەشێوەیەکی پیشەییانە نووسراوە و تەنها گواستنەوەی ئەو بۆچوون و هەڵوێستەیە کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا خـراوەتـەڕوو، نـە هـەوڵـی ئـاراسـتـەکـردن و بـەلاڕێـدابـردن دراوە نە تۆمەت خـراوەتـە پـاڵ هیچ لایەنێکی

ململانێکه، بەڵام لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا، تەنها دەقی ئەو نووسراوە بڵاوکراوەتەوە کە لە راگەیەنراوەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەبێ ئەوەی باس لەو رووداوانە بکات کە بەهۆیەوە ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە ئەنجام دراوە. لە کۆتایی هەواڵەکەشدا هیچ باکگراوندێکی هەواڵیی نەنووسراوە، بەو شێوەیەش کاتێک خوێنەر ئەم هەواڵە دەخوێنێتەوە، وەکو رووداوێکی دابڕاو لە رووداوەکانی ئەو رۆژە دێتە بەرچاوی و لە گرنگیی ئەم هەڵوێستە تێناگات، چونکە لای روون نییە چی روویداوە و مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ لەو رۆژەدا لە چ ئاستێکدا بووە.

لە هەواڵی دوای ئەوەدا، راگەیەنراوی سەرۆکی پەرلەمان کە داوای تەبایی و رێگریکردن لە ئاڵۆزییەکانی کردووە، کراوە بە هەواڵ، لە ناونیشانەکەدا نووسراوە:

**سەرۆکی پەرلەمان بانگەواز بۆ یەکڕیزیی دەکات**

ناونیشانی هەواڵەکە گونجاوە. لیدی هەواڵەکەش نووسراوە:

**سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، کە گەلی کوردستان ماندووی نەهامەتییەکانی رۆژگاری زوڵم و زۆری داگیرکەرانە و هێشتا مەترسیی لەسەر دەستکەوتەکانمان هەیە، بانگەوازیش بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە ناوخۆییەکان دەکات لە رێگەی گفتوگۆوە و دەڵێت: "لەهەر کاتێک زیاتر پێویستیمان بەتەبایی سیاسی، یەکڕیزیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوەسازانی نیشتیمانییە".**

تا رادەیەکی زۆر گونجاوە و کێشەی نییە، بەڵام ناوەڕۆکی هەواڵەکە بەهەمان شێوەی هەواڵی پێشووە، نە سیاقی رووداوەکان و نە باکگراوندی هەواڵیی بۆ نەنووسراوە و وەکو رووداوێکی دابڕاو لە کۆی رووداوەکانی ئەو رۆژە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لە هەواڵی دواتردا، لێدوانی بەرپرسێکی باڵای پێشمەرگە بەناوی (لیوا قارەمان) کە قسەی بۆ ماڵپەڕی زەمەن کردووە، کراوە بە هەواڵ، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە: شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و گەریلا روویندەداوە**

ناونیشانی هەواڵەکە گونجاو و پیشەییە، بەڵام ئاراستەی ناونیشانەکە پێیەوە دیارە کە دەیەوێت هەواڵی میدیاکانی لایەنێکی تری ململانێکە بەدرۆ بخاتەوە. هەروەها لە لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**جێگری سەرۆک ئەرکان لە وەزارەتی پێشمەرگە، رەتیدەکاتەوە کە شەڕ لەنێوان گەریلا و پێشمەرگەدا روویدابێت و جەخت دەکاتەوە، کە لەکاتێکدا هێزێکی زێرەڤانی ویستوویانە لە ئامێدی سەربازگە دابنێن، مینیان پێدا تەقیوەتەوە، وەزارەتیش ئەو تەقینەوەیە بە دەستی پەکەکە نابینێت.**

لیدی هەواڵەکە، تا رادەیەک گونجاوە و پشت ئەستوورە بەو قسەیەی کە بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە لە لێدوانەکەدا ئاماژەی پێ کردووە. لە دوای لیدی هەواڵەکەوە، بە پەرەگرافێک سیاقی رووداوەکەی ئەو رۆژە نووسراوە، سیاقەکە بەشێوەیەکی گونجاو و پیشەییانە نووسراوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە راگەیەندنەکانی پارتی بڵاویان کردووەتەوە کە شەڕ لەنێوان گەریلا و پێشمەرگە روویداوە. لەڕاستیدا، دانانی ئەم سیاقە لەدوای لیدەکەوە،

گونجاوە و دەبوو بۆ کۆی هەواڵەکانی تریش هەمان کاریان بکردایە، چونکە هەواڵەکانی تریش پەیوەست بوون بەم رووداوەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بۆچوونی دژی ئەو بانگەشەیەی میدیاکانی پارتی لەبەردەستدا نەبوو، بانگەشەکەی میدیاکانی پارتیشیان بڵاو نەدەکردەوە، بەڵام لەم هەواڵەدا لەبەرئەوەی لێدوانێک هەیە بانگەشەکەی میدیاکانی پارتی رەت دەکاتەوە، ئینجا ئاماژەیان پێ کردووە، کە ئەمە جۆرێکە لە شاردنەوەی زانیاریی لە خوێنەر.

لە هەواڵێکی تردا، راگەیەنراوی هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە، کراوە بە هەواڵ و لە ناونیشانەکەیدا نووسراوە:

**هەپەگە روونکردنەوە لەبارەی رووداوەکەی چەمانکێ دەدات**

ناونیشانەکە کێشەی نییە و پیشەییانە نووسراوە. لە لیدی هەواڵەکەدا هاتووە:

**هەپەگە، ئاشکرای دەکات، کە هێزەکانی پەدەکە هەوڵیان داوە بچنە ناو کامپەکانی گەریلاوە لەگارە، راشیدەگەیەنێت: "لەگەڵ ئەو هەوڵدانەو**

**هێرشیش، هێزەکانی ئێمە شەڕیان نەکرد و چەکیان بەکارنەهێنا".**

لیدی هەواڵەکەش گونجاوە و پشتی بەو زانیارییە بەستووە کە لە ڕاگەیەنراوەکەی هەپەگەدا هاتووە، بەڵام دوای لیدەکە، سیاقی بۆ هەواڵەکە نەنووسیوە و ڕوونی نەکردووەتەوە کە ڕووداوەکان چۆن بوون و ململانێکە چۆن گەیشتووە بەو ئاستە. دواتریش لە ناوەڕۆکەکەدا، تەنها ئەو پەرەگرافانەی داناوەتەوە کە لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتوون و هیچ باکگراوندێکی هەواڵیشی بۆ نەنووسراوە، ئەمە وا دەکات خوێنەری هەواڵەکە تەنها ئەو ئاراستەی زانیارییە وەربگرێت کە لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە و لایەنی بەرامبەری پێ تۆمەتبار کراوە. ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و پیشەییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەواڵە کرابوایە، دەبوو بۆچوونی لایەنی بەرانبەریش لە هەواڵەکەدا ئاماژەی پێ کرابوایە، خۆ لانیکەم ئەگەر ئەوەش نەدەکرا، دەبوو لە باکگراوند و سیاقی هەواڵەکەدا ئاماژە بە ململانێکە و هەڵوێستی لایەنەکانی ناو ئەو ململانێیە بکرایە، بۆ ئەوەی خوێنەر کاتێک

هەواڵەکە دەخوێنێتەوە، بە دروستی لە هەواڵەکە و رووداوەکانی ئەو رۆژە و ئاستی ململانێکە تێبگات.

ئەمانە و چەند هەواڵێکی تر لەبارەی هەمان رووداوی ئەو رۆژەوە لە ماڵپەڕی رۆژنیوز بڵاوکراونەتەوە، لە هەندێک هەواڵدا ئەو گردبوونەوە و نارەزایەتییانە کراونەتە هەواڵ کە لە ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان بۆ سەرکۆنەکردن و راگرتنی شەڕی ناوخۆ ئەنجام دراون.

**تایبەتمەندییەکانی رووماڵی ماڵپەڕی رۆژنیوز بۆ پێکدادانی نێوان پارتی و پەکەکە لە چەمانکێ:**

بەشێوەیەکی گشتی، لە شەو و رۆژی روودانی گرژییەکەی نێوان پارتی و پەکەکەدا، لە ماڵپەڕی رۆژنیوز، ١١ هەواڵی پەیوەست بەو ململانێ و گرژییە بڵاوکراوەتەوە و لە سەرەوە بە وردیی لێکدانەوەی ناوەڕۆک بۆ بەشێکی زۆر لەو هەواڵانە کراوە، بەڵام بەگشتیی کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەو هەواڵانەدا هەبوون:

**یەکەم/** بە هیچ شێوەیەک بۆچوون و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و

بەرپرسانی حکومیی سەر بەو حزبەی، رووماڵ نەکردووە کە لایەنێکی ململانێ و گرژییەکانە.

**دووەم/** شێوازی دارشتنی هەواڵەکان و کۆی رووماڵەکە، جۆرێک لە شاردنەوەی زانیاریی تێدا بوو، بە روونی دەرنەدەکەوت چی روویداوە و بۆچی ئەو هەموو راگەیەنراوانە بڵاو دەکرێنەوە.

**سێیەم/** لەناو هەندێک لە هەواڵەکاندا جۆرێک لە بەلارێدابردن هەبوو، بەشێوەیەک کە وا لێکدەدرایەوە راگەیەنراو و هەڵوێستەکان پەیوەستن بە راگەیەنراوەکەی دوو رۆژ پێشتری مەسعود بارزانی نەک رووداوەکەی ئەو رۆژە.

**چوارەم/** بەگشتی لە هەواڵەکاندا، هەواڵسازەکان خۆیان بواردبوو لە نووسینی سیاق و باکگراوندی هەواڵ، ئەمەش وا دەردەکەوێت کە لەلایەن دەزگاکەوە ئاراستە کرابن، بۆ ئەوەی هەندێک زانیاریی لە خوێنەر بشارنەوە.

**پێنجەم/** خاڵێکی ئەرێنی کە لە رووماڵی رۆژنیوزدا هەبوو، ئەوەیە کە زۆربەی هەواڵەکانی بە ئاراستەیەکە کە خزمەت بە هێورکردنەوەی دۆخەکە و رێگریکردن لە روودانی شەڕ دەکات.

**نموونەی سێیەم/** ماڵپەڕی مەودا میدیا، کە لە ململانێکەدا بێلایەنە

لە ماڵپەڕی مەودا میدیا، لە یەکەم هەواڵدا کە لەسەر ڕووداوەکە کراوە، لە ناونیشاندا نووسراوە:

**لەم ناوچەیە شەڕ لەنێوان پەکەکە و پێشمەرگە دەستیپێکرد**

ئەم ناونیشانە، لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەک واقیعییە و «فاکتە»، بەڵام هەندێک کێشەی هەیە. بەکارهێنانی دەستەواژەی «لەم ناوچەیە»، بۆ ماڵپەڕەکە گونجاو نییە، چونکە کاتێک خوێنەر دێتە ناو ماڵپەڕ؛ بۆ خوێندنەوەی زانیاریی دێت، ئەمە بۆ سۆشیال میدیا تا رادەیەک گونجاوە بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر. سەبارەت بە کۆتا وشەی ناونیشانەکە، نووسراوە «دەستیپێکرد»، ئەمە دەرخەری بۆچوونی خودی هەواڵسازەکەیە، دەریدەخات ئەو بۆچوونی وابووە ئەم شەڕە هەر روو دەدات و تەنها بەم ڕووداوەش ناوەستێتەوە و درێژە دەکێشێت.

سەبارەت بە لیدی هەواڵەکە، کە نووسراوە:

**کەمێک پێش ئێستا، لە سنووری ناحیەی**

**چەمانکێی سەر بە قەزای ئامێدی، شەڕ و پێکدادان لەنێوان پەکەکە و بەشێک لەو هێزانەی کە لە ناوچەکەدان، دروستبووە و بەپێی زانیارییەکانی مەودا، پێشمەرگەیەک کوژراوە.**

لیدی هەواڵەکە تا رادەیەک گونجاوە، بەڵام لە بەشێکی پەرەگرافەکەدا نووسراوە «شەڕ لەنێوان پەکەکە و ئەو هێزانەی لە ناوچەکەدان»، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: ئەگەر هەواڵسازەکە ویستبێتی خۆی لابدات لەوەی پارتی یان هێزی پێشمەرگە تێوەبگلێنێت لە شەڕەکە. دووەم: ئەگەر لێکدانەوەی هەواڵسازەکە بۆ ئەو رووداوە وا بووبێت کە دەکرێت لەگەڵ هێزەکەی پارتیدا هێزی تری چەکدار «کە دەوترێت سوپای تورکیا لەو ناوچەیە بارەگای هەیە» هەبووبن، کە ئەگەر ئەوەی دووەم هۆکار بووبێت، هۆکارێکی گونجاوە و مامەڵەکردنێکی راستە لەگەڵ هەواڵەکە، بە مەرجێک لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا ئەو بابەتە روونکرابێتەوە.

لە دوای لیدی هەواڵەکەوە، راستەوخۆ چووەتە سەر لێدوانی بەڕێوەبەری ناحیەی چەمانکێ و قسەکانی ئەوی داناوە، کە ئەمە

گونجاوە، لەبەرئەوەی هەواڵێکی بەپەلەیە و سەرەتای ڕووداوەکەیە، دەکرێت بەبێ سیاق ڕاستەوخۆ دەست بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە بکرێت. لە دوای لێدوانی بەڕێوەبەری ناحیەکەش، لێدوانێکی پێشتری بەسێ هۆزات، هاوسەرۆکی کەجەکەی داناوە سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی شەڕی کورد بە کورد، کە ئەمە مامەڵەکردنێکی گونجاوە لەپێناو پاراستنی هاوسەنگیدا.

لە باکگراوندی هەواڵەکەشدا، سوودی لە ڕاگەیەنراوی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی وەرگرتووە کە چەند ڕۆژێک پێشتر بڵاوی کردبوویەوە و باسی لە ئەگەری ڕوودانی شەڕی ناوخۆ کردبوو. ئەوەش مامەڵەکردنێکی گونجاوە لەگەڵ کۆی هەواڵ و ڕووداوەکەدا و تا ڕادەیەکی زۆر هاوسەنگیی لە هەواڵەکەدا پارێزراوە.

لە هەواڵی دواتردا، پشت بە لێدوانی بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە بەستراوە، لە ناونیشانی هەواڵەکەدا نووسراوە:

**وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی پێکدادانی پەکەکە و پێشمەرگە ڕوونکردنەوە دەدات**

ئەم ناونیشانە گونجاوە و هیچ کێشەیەکی نییە و تا رادەیەکی زۆر پیشەییانە و بێلایەنانە نووسراوە.

لە لیدی هەواڵەکەشدا، راستەوخۆ پشت بە بۆچوونی بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە بەستراوە و نووسراوە:

**بەڕێوەبەری راگەیاندن و رۆشنبیری وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاندووە: پەکەکە بۆمبێکی لە ناحیەی چەمانکێ دانابووەوە و بە هێزی پێشمەرگەدا تەقیەوە و بەهۆی بۆمبەکەوە، دوو ئەفسەر و جێگری ئەفسەرێک بریندار بوون.**

لە لیدی هەواڵەکەدا، هیچ تۆمەتبارکردن و ئاراستەکردن و بەلارێدابردنێک بەدی ناکرێت و تەنها ئەو بۆچوونە گواستراوەتەوە کە بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە خستوویەتییەڕوو.

لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەشدا تەنها لێدوانەکەی بابەکر فەقێ هەیە و هیچ بۆچوون و لێدوانێکی تر وەرنەگیراوە، ئەمە تا رادەیەک ئاساییە، لەبەرئەوەی ناوبراو پۆستێکی حکومی هەیە و لێدوانەکەشی تا رادەیەکی زۆر گونجاوە و

کەمتر لایەنداریی پێوە دیارە. لە باکگراوندی هەواڵەکەشدا، بە کورتی باس لەوە کراوە کە لەو رۆژەدا رووداوێکی لەو شێوەیە هەبووە، ئەمەش گونجاوە، بەڵام دەکرا وردەکاریی زیاتر بخرێتەڕوو.

لە هەواڵەکانی دواتردا، هەریەک لە راگەیەنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و روونکردنەوەی وەزیری پێشمەرگە سەبارەت بە دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی بڵاوکراوەتەوە.

بەگشتی، لە ماڵپەڕی مەودا میدیادا، لەو شەو و رۆژەدا پێنج هەواڵ لەسەر رووداوەکە بڵاوکراوەتەوە، بەگشتیش هەواڵەکان یان راگەیەنراوە فەرمییەکان بوون یان ئەو هەواڵەی کە یەکەم ساتی رووداوەکە بڵاوکراوەتەوە، بەمەش میدیاکە خۆی پاراستووە لە ئاراستەکردنی خوێنەر و بەلاڕێدابردنی و گەرمکردنی رووداوەکان و تا ئاستێکی گونجاو، توانیویەتی هاوسەنگیی بپارێزێت.

**تایبەتمەندییەکانی رووماڵی مەودا میدیا بۆ پێکدادانی نێوان پارتی و پەکەکە لە چەمانکێ:**

بەگشتی، دەکرێت تایبەتمەندییەکانی رووماڵی مەودا میدیا بۆ رووداوەکە، بەم شێوەیە باس بکەین:

**یەکەم/** رووماڵکردنێکی تا رادەیەکی باش هاوسەنگی پیشەیی بووە.

**دووەم/** توانیویەتی تا رادەیەکی گونجاو بێلایەنیی خۆی بپارێزێت.

**سێیەم/** خۆی بەدوور گرتووە لە بەلارێدابردن و ئاراستەکردنی خوێنەر.

**چوارەم/** خۆی بەدوور گرتووە لە تۆمەتبەخشینەوە و ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ لایەنەکانی ململانێکە.

**پێنجەم/** تەنها پشتی بە راگەیەنراو و سەرچاوە فەرمییەکان بەستووە و خۆی بەدوور گرتووە لە سەرچاوەی گوماناوی.

**شەشەم/** رووداوەکەی وەکو رووداوێکی ئاسایی پێشبینیکراو رووماڵکردووە و وازی لە رووداو و بابەتەکانی تری ئەو رۆژە نەهێناوە لەپێناو رووماڵکردنی ئەم رووداوەدا.

**حەوتەم/** مەودا میدیا، خۆی بواردووە لە بڵاوکردنەوەی هەندێک ڕاگەیەنراو و لێدوانی ئەو ڕۆژە.

**هەشتەم/** مەودا میدیا، ڕاگەیەنراوی کەجەکە لەو ڕۆژەدا بڵاوکرایەوە، چەند لێدوانێکی هەمان لایەنی پشتگوێ خستووە و بڵاونەکردوونەتەوە.

------------

**بەراوردکاریی نێوان رووماڵی هەر سێ ماڵپەڕەکە:**

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، جیاوازی و ئاستی رووماڵەکانی هەر سێ میدیاکە بە نموونە وەرگیراوە کە لە خشتەیەکدا روونکراوەتەوە کە بە پێنج پێوەر ئاستی هەواڵەکانیان پێوراوە و ئەنجامەکەی لە خشتەکەدا بەرچاو خراوە:

| | کوردستان ٢٤ | رۆژنیوز | مەودا میدیا |
|---|---|---|---|
| بێلایەنی | بێلایەنیی نەپاراستووە | بێلایەنیی نەپاراستووە | بێلایەنیی پاراستووە |
| ئاراستەکردنی خوێنەر | هەوڵی ئاراستەکردنی داوە | هەوڵی ئاراستەکردنی داوە | هەوڵی ئاراستەکردنی نەداوە |
| شاردنەوەی زانیاری | هەندێ زانیاریی شاردووەتەوە | هەندێ زانیاریی شاردووەتەوە | کەمترین زانیاریی شاردووەتەوە |
| خۆلێبواردن لە رووداوەکان | خۆی لەو هەواڵانە بواردووە کە لە بەرژەوەندیی پەکەکەیە | خۆی لەو هەواڵانە بواردووە کە لە بەرژەوەندیی پارتیە | خۆی لە هەواڵە حزبییەکان بواردووە و زیاتر راگەیەنراوە فەرمییەکانی بڵاوکردووەتەوە |
| تۆمەتبارکردن | لە زۆربەی هەواڵەکاندا تۆمەتبارکردنی تێدایە | لە هەندێک هەواڵدا تۆمەتبارکردنی تێدایە | لە هەواڵەکاندا تۆمەت ئاراستەی هیچ لایەنێک نەکراوە |

## دەرئەنجام

لە ململانێی نێوان پارتی و پەکەکەدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕاگەیاندنەکانی هەریەک لەو دوو لایەنە و ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لە ململانێکەدا بێلایەنن، دەرکەوت. میدیاکانی پارتی، ئاراستەی کارکردنیان بە ڕەوایەتیدان بە شەڕی دژی پەکەکەیە، هەروەها لە ڕووماڵکردنی ململانێکاندا هیچ ڕەچاوی بنەماکانی هاوسەنگی و بێلایەنی و پابەندیی ئیتیکی و ڕەچاوکردنی پرسە نیشتمانییەکان ناکەن. هەروەها ڕاگەیاندنەکانی پەکەکە، زۆرتر خۆیان لە ڕووماڵکردنی ڕاستەوخۆی پێکدادانەکان دەبوێرن، هەموو سەرنجیان چڕ دەکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی بەرەی دژە پارتی، پابەندی هاوسەنگیی و بێلایەنیی نابن و وا پیشان دەدەن کە نایانەوێت پێکدادان ڕووبدات. زۆر جار خۆیان لە ڕووماڵکردنی پێکدادانەکان دەدزنەوە، بەڵام بەگشتی بە ئاراستەیەکی دژ بە پارتی کار دەکەن، هەواڵە ئاساییەکانیش ئەوانەی گونجاوە، دەقۆزنەوە بۆ لێدان لە پارتی کە ئەمەش بە گۆڕینی ئاراستەی هەواڵەکە دەبینرێت و کارێکی نائیتیکییە. هەرچی

لەو راگەیاندنانەیە کە بێلایەنن لە ململانێکەدا، لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدەن ململانێکە بقۆزنەوە بۆ دەستخستنی بینەر و کلیکی زیاتر، هاوکات بێلایەنانەتر و هاوسەنگانەتر لە راگەیاندنە حزبییەکان رووماڵ دەکەن و تا رادەیەکی باش هاوسەنگی دەپارێزن، بەڵام ناتوانن بچنە ناو کرۆکی بابەتەکە و زانیاریی پێویست بە وەرگر بدەن، هۆکاری ئەمەش بۆ خۆلادان لە بابەتەکە و کەمئەزموونیی هەواڵساز و نەبوونی توانای مادی و مرۆیی پێویستە لە دەزگاکاندا.

## سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان

محەمەد فاتح – حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عیراقییەکان – چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٢ سلێمانی.

د.سامان فەوزی – بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن – چاپی سێیەم، چاپخانەی یادگار، ٢٠٢٠ سلێمانی.

مەسعود عەبدولخالق – ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان – چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ٢٠٠٩ هەولێر.

سەردار عەبدوڵڵا – قەیران و ڕاگەیاندن – چاپی یەکەم، ٢٠١٥ سلێمانی.

### ماڵپەڕە کوردییەکان

بەشی سۆرانیی ماڵپەڕی کوردستان٢٤

بەشی سۆرانیی ماڵپەڕی ڕۆژنیوز

ماڵپەڕی مەودا میدیا

### توێژینەوە عەرەبییەکان

عواطف عبدالرحمن - حرية الإعلام المعاصر وتحديات العولمة - بحث المنشور في الموقع الرياض السعودي.